# بەكارهێنانی پشتێنەی كاریگەر و هاوكێشەی نزیكترین دراوسێ بۆ شیكردنەوەی شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزاری پەروەردەیی لە شاری هەڵەبجەی تازە

(توێژینەوەکە هەڵێنجاندراوە لە نامەی ماستەر) بەناونیشانی

(هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری پەروەردەیی لە شاری هەڵەبجەی تازەدا) (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای خزمەتگوزاری)

محمد نورالدين عبدالمجيد

Mohammed.abdalmajid@univsul.edu.iq

پ.ی.د شاد حميد محمد

Shad.rasul@univsul.edu.iq

بەشی جوگرافیا، کۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٤/٢٨ بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٦/٢٥

**پوختە:**

خزمەتگوزاری پەروەردەیی لە خزمەتگوزاریە گرنگەکانی شارەکانە و یەکێکە لە پێداویستیە سەرەکییەکانی دانیشتوانی شارەکان و ناوچەکانی دەوروبەری کە کاریگەری گەورەی لەسەر ژیانی کۆمەڵگا دەبێت، هەروەها ئامرازێکی کاریگەرە کە دەبێتە هۆی گەشەپێدانی لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و شارستانیەت و کلتووری کۆمەڵگا، ئامانج لەئەنجامدانی توێژینەوەکە هەوڵدانە بۆ دروستبوونی هاوسەنگییەك لە دابەشبوونی خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان لە ناوچەی توێژینەوەدا بۆ ئەم مەبەستەش ڕێبازی وەسفی و شیکردنەوەمان بەکارهێناوە ئەمەش لە ڕێگەی چەند ئامرازێکی ئاماری و زانستی لەناو سیستەمی زانیاریە جوگرافییەکاندا (GIS) وەك (هاوکێشەی نزیکترین دراوسێ، پشتێنەی کاریگەر)، بەشێوەیەك پاش جێبەجێکردنی هاوکێشەی نزیکترین دراوسێ بۆمان دەرکەوت کە خزمەتگوزارییەکان بە شێوەی لەیەك نزیکی هەڕەمەکی دابەشبوون، هەروەها لە ڕێگەی پشتێنەی کاریگەری خزمەتگوزارییەکەوە ئەوەمان بۆ ڕونبوویەوە کە جیاوازییەکی گەورە هەیە لە دابەشبوونی قۆناغە جیاوازەکانی خزمەتگوزارییەکە کە بەشێوەیەکی ناهاوسەنگ دابەشبوون، لە کۆتایی توێژینەوەکەدا پێشنیاری دروستکردنی دامەزراوەی پەروەردەییمان کردووە بۆ ئەو گەڕەکانەی کە لە خزمەتگوزارییەکە بێبەشن و لە هەمان کاتدا ڕەچاوی پێوەرەکانی پلاندانان و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان بکرێت لە کاتی دروستکردنی خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان لەگەڵ بەکارهێنانی تەکنیکە نوێیەکان.

**وشە کلیلییەکان:** خزمەتگوزاری پەروەردەیی، دابەشبوون، هاوکێشەی نزیکترین دراوسێ، پشتێنەی کاریگەر.

**پێشەکی:**

خزمەتگوزاریە پەروەردەییەکان توخمێکی گرنگن لە پلاندانانی شارەکان هەر بۆیە پلاندانەرانی شار هەوڵدەدەن شوێنی گونجاو بۆ بینای خزمەتگوزاریە پەروەردەییەکان بە پێی قۆناغی خزمەتگوزاریەکە دەستنیشان بکەن، چونکە ناوەندێکی گرنگن بۆ پەروەردە و فێربوون کە لەلایەن دەسەڵات و حکومەتە جیاوازەکانەوە بایەخیان پێدراوە، خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان بە ماڵی دووەمی خوێندکاران دادەنرێن کە کاریگەری ڕاستەوخۆ دەکاتە سەر گەشەکردنی لایەنی دەروونی و هزری و جەستەی خوێندکاران، لەبەرئەوەی دابەشکردنی خزمەتگوزاریەکان بە شێوەیەکی گونجاو ژینگەیەکی گونجاو بۆ دانیشتوان دابین دەکات کە کاریگەرییەکانی لە چالاکییەکانی مرۆڤدا ڕەنگ دەداتەوە.

**کێشەی توێژینەوە:**

1- ئایا خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان بە شێوەیەکی هاوسەنگ بەسەر گەڕەکەکانی شارەکەدا دابەشبوون؟

2- دابەشبوونی خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان لە شارەکەدا تاچەند لەگەڵ پێوەرەکانی پلاندانانا گونجاوە؟

**گریمانەی توێژینەوە:**

1- خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان بە شێوەیەکی نا هاوسەنگ بەسەر گەڕەکەکانی شارەکەدا دابەشبوون، تەنانەت دابەشبوونی خزمەتگوزارییەکە شێوازێکی لەیەك نزیکی هەڕەمەکی وەرگرتووە.

2- لەبەر ئەوەی شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزارییەکە هاوتای پێوەرەکانی پلاندانان نیە بەشێوەیەك هەندێك لە گەڕەکەکان لە خزمەتگوزارییەکە بێ بەشن و هەندێك گەڕەکی دیکە زیاد لە چەند خزمەتگوزارییەکی تێدایە، ئەمەش وایکردوە دانیشتوانی شارەکە بە شێوەیەکی یەکسان سوود لە خزمەتگوزاریەکە وەرنەگرن.

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بریتی یەلە شیکردنەوەی شوێنی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان لە شاری هەڵەبجەی تازەدا، ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕێگەی زانستی و ئاماری ورد بەمەبەستی دیاریکردنی ئەو ناوچانەی کەخزمەتگوزاریەکەی تێدا نیە یاخود بە گوێرەی پێوەرەکانی پلاندانان نین.

**گرنگی توێژینەوە:**

خزمەتگوزارییەکان بە گشتی و خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان بە تایبەتی یەکێکن لە کەرتە گرنگەکانی شارەکان و ڕۆڵێکی گەورەی لە بەرەو پێچوون و زیندوو ڕاگرانتنی کۆمەڵگەدا هەیە. هەروەها لە ڕێگەی ئەنجامدانی ئەم جۆرە توێژینەوانەوە دەتوانین کێشە و گرفتەکانی کەرتی پەروەردەی ناوچەی توێژینەوە دەستنیشان بکەین و ڕێگە چارەی گونجاویان بۆ دیاری بکەین.

**میتۆدی توێژینەوە:**

گرنگترین ئەو میتۆدانە لەم توێژینەوەدا بەکارهێنراوە بریتین لە:

1-میتۆدی وەصفی: ئامانج لە بەکارهێنانی ئەم میتۆدە بۆ ناساندن و وەصفکردنی شوێنی جوگرافی و هەردوو پێوەری هاوکێشەی دراوسێ و پشتێنەی کاریگەر ی ناو توێژینەوەکە بەکارهاتووە.

2- میتۆدی شیکاری(شیکردنەوە): بەکارهێنانی ئەم میتۆدە بە مەبەستی شیکردنەوەی ئەو داتا و زانیارییانەی کە توێژەر دەستی کەوتووە لە ڕێگەی سەردانی مەیدانییەوە و پیشاندانیان لە شێوەی خشتە و نەخشە و شێوە.

**باسی یەکەم/ ناساندنی ناوچەی توێژینەوە و خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان:**


**یەکەم/ ناساندنی ناوچەی توێژینەوە:**

هەڵبژاردنی شوێنی جوگرافی گونجاو یەکێکە لە ئەرکە سەرەتاییەکان لە پلاندانانی شارەکاندا، بۆ ئەو پرۆژانەی کە تێیدا دروست دەکرێن، تەنانەت لە کاتی پلاندانان بۆ پرۆژەی خزمەتگوزاری دەبێت شوێنی جوگرافی گونجاو لەناو شاردا هەڵبژێردرێت، بەتایبەتی خزمەتگوزاری پەروەردەیی (الكاظمي، 2023، ص. 20)، تەنانەت هەندێك شوێن بە دڵی جوگرافیا دەزانن و لە هەر حاڵەتێکدا بە یەکێك لە توخمە گرنگەکانی جوگرافیایی شارەکانی دادەنێن (حمدان، بدون سنة الطبع، ص 276)، ئەمە جگە لەوەی کاریگەری لەسەر مۆرفۆلۆجی شارەکە دەبێت کەواتە شوێن بریتی یە لە پەیوەندی سەنتەری شارەکە بە گوێرەی ناوچەکانی دەوروبەری کە دەکەونە دەرەوەی سنوری ئاوەدانی شارەکە، لەکاتێکدا هەر شارێك پەیوەندی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رامیاری لەگەڵ ناوچەکانی تردا هەیە کە جیاوازە لە شارێکی تر، کەواتە مەبەست لە شوێن کۆمەڵە

پەیوەندییەکە کە شارەکە پەیوەست دەکات بە دەوروبەری ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر گەشەکردن و فراوانبوونی ڕووبەری شار و بەرەو پێشبردنی شار زیاتر دەبێت لەبەر ئەوەی شوێن ناوچەیەکی فراوان دەگرێتەوە (عبدالله، 2013، ل 9- 10).

سەبارەت بە شوێنی شاری هەڵەبجەی تازە کەوتوتە باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق و ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان و باشووری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانی، ناوچەی توێژینەوە لەڕووی کارگێرییەوە سەر بە پارێزگای سلێمانی یە وە ناوەندی قەزای شارەزوور پێکدێنێت، شارەکە لە باکورەوە هاوسنورە لەگەڵ هەریەك لە گوندەکانی کانی ئاسکان وئەحەی ئافە و ئاوای شێخ حسین، گوندەکانی مالوانی حەمەی عەزیز و مەحمود خانی سەروو دەکەونە سنوری ڕۆژهەڵاتی شارەکەوە، لە باکوری ڕۆژئاوادا لەگەڵ گوندەکانی دسکەرە و قەرەگۆل هاوسنورە، ناحیەی زەرایەن سنوری ڕۆژئاوای شارەکە پێکدێنێت، هەر یەك لە گوندەکانی یەخشی و داری قەلان دەکەوێتە باشووری شارەکەوە، ناوچەی توێژینەوە لە ساڵی (2024)دا لە (12) گەڕەك پێکدێت وە کۆی گشتی ژمارەی دانیشتوانیشی دەگاتە (51290) کەس، لە ڕووی شوێنی ئەسترۆنۆمییەوە شاری هەڵەبجەی تازە دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (''45 '19 *35 – ''31 '19 *35)ی باکوور و هێڵی درێژی (''24 '41 *45 - ''03 '41 *45)ی ڕۆژهەڵات. نەخشەی (1).

**نەخشەی(1) شوێنی شاری هەڵەبجەی تازە بە گوێرەی قەزای شارەزوور و پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان.**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانی سلێمانی، سەرۆکایەتی شارەوانی شارەزوور، بەشی نەخشە.

2- بەکارهێنانی بەرنامەی Arc Gis V 10.8.

**دووەم: خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکانی ناوچەی توێژینەوە:**

لە شـــاری هەڵەبجەی تـازەدا (26) دامەزراوەی فێرکـاری بوونی هەیە، بە شـــێوەیەك قۆنـاغی بنەڕەتی (1-6) خـاوەن زۆرترین خوێندنگەیە بە (9) خوێندنگە، پاشـان قۆناغی (7-9) دێن بە (7) خوێندنگە، دواتر قۆناغی خوێندنی ئامادەیی دێن بە (5) خوێندنگە، باخچەکانی منداڵانیش خاوەن (3) باخچەن، هەریەك لە قۆناغەکانی خوێندنی خێرا و قۆناغی (1-9) خاوەن کەمترین خوێنـدنگەن بە تەنهـا (1) خوێنـدنگە بۆ هەریەکەیـان، ئەوەی جێگـای بـاســـە خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکـان بەشـێوەیەکی یەکسـان دابەش نەبوون بەسـەر گەڕەکەکانی شـارەکەدا بە جۆرێك لە کۆی (12) گەڕەکی شـارەکە (4) گەڕەك بەتەواوی هیچ دامەزراوەیەکی پەروەردەی تێدانیە، سـەبارەت بە شـێوازی دابەشـبوونی خوێندنگەکان لە باسـەکانی دواتردا بە وردی باسیان لێوە دەکەین. خشتەی (1).

**خشتەی (1) دابەشبوونی خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکانی شاری هەڵەبجەی تازە بۆ ساڵی 2024**

| ژ | خزمەتگوزاری پەروەردەیی | قۆناغی خوێندن | گەڕەك |
|---|---|---|---|
| 1 | چرۆ | باخچەی منداڵان | شارستانی |
| 2 | پەپولە | باخچەی منداڵان | مامۆستایان |
| 3 | ئافەرین | باخچەی منداڵان | بەختیاری |
| 4 | هیوا | بنەڕەتی 1-6 | سورێن |
| 5 | أحمەد موختار | بنەڕەتی 1-6 | هەواران |
| 6 | شارەزوور | بنەڕەتی 1-6 | بەختیاری |
| 7 | سروود | بنەڕەتی 1-6 | ڕزگاری |
| 8 | نالی | بنەڕەتی 1-6 | شارەوانی |
| 9 | بێساران | بنەڕەتی 1-6 | سورێن |
| 10 | هەتاو | بنەڕەتی 1-6 | سورێن |
| 11 | دەرسیم | بنەڕەتی 1-6 | شارەوانی |
| 12 | شۆڕش | بنەڕەتی 1-6 | مامۆستایان |
| 13 | شەهیدانی خێڵی حەمە | بنەڕەتی 7-9 | ڕزگاری |
| 14 | سەرکەوتن | بنەڕەتی 7-9 | ڕزگاری |
| 15 | بێریڤان | بنەڕەتی 7-9 | مامۆستایان |
| 16 | مەشخەڵان | بنەڕەتی 7-9 | سورێن |
| 17 | شەم | بنەڕەتی 7-9 | ڕزگاری |
| 18 | هەورامان | بنەڕەتی 7-9 | سورێن |
| 19 | پێشکەوتنی (ئێواران) | بنەڕەتی 7-9 | شارەوانی |
| 20 | سەردەمی بنەڕەتی | بنەڕەتی 1-9 | هەواران |
| 21 | شەهید سیروان | ئامادەیی | بەختیاری |
| 22 | شەهید زانا | ئامادەیی | مامۆستایان |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 23 | شەهید دانا | ئامادەیی | ئازادی |
| 24 | مەولەوی (ئێواران) | ئامادەیی | مامۆستایان |
| 25 | شەمێران | ئامادەیی | مامۆستایان |
| 26 | بنکەی پێشەوا | خوێندنی خێرا | ڕزگاری |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەرێوەبەرێتی پەروەردەی شارەزوور، بەشی تەکنیکی، داتای بڵاونەکراوە، 2024.

**باسی دووەم/ شیکردنەوەی نزیکترین دراوسێ بۆ خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان:**

شـــیکاری نزیکترین دراوســـێ وەك یەکێك لە پێوەرە ئامارییە تایبەتەکان هەژمار دەکرێت و بە یەکێك لە گرنگترین ئامرازەکانی شیکاری شوێنی لە زانستی جوگرافیادا دادەنرێت کە ئامانج لێی زانینی شێوازی دابەشبونی دیاردە جوگرافییەکانە (شعت، 2018، ص63)، بەجۆرێك ئەم پێوەرە پشت دەبەستێت بە پێوانی دووری نێوان دیاردە دابەشبووەکان لەسەر نەخشە لە شـێوەی خاڵدا ئەمەش جیاوازە لە پێوەرەکانی تر و دوورە لە ڕێژەی هەڵە، هەر بۆیە بە یەکێك لە باوترین پێوەرەکان دادەنرێت بۆ دیاریکردنی شـێواز و ڕادەی پەرشـوو بڵاوبوونەوەی دیاردەکان لەدەوری یەکتریدا (گۆران، 2022، ل 36)، واتە دەکرێت دابەشـبوونەکە کۆکراوە یان ڕێك وپێك یاخود هەڕەمەکی بێت، ئەگەر بەهای پێوەرەکە سـفر (0) بێت شـێوازی دابەشـبوونەکە کۆکراوە دەنوێنێ، ئەگەر بەهاکە گەشـــتە (2.149) ئەوا شـــێوازی لەیەك دوور دەنوێنێ، بەڵام ئەگەر بەهاکە گەیشـــتە (1)ی تەواو ئەوا شێوازی دابەشـبوونەکە هەڕەمەکی دەبێت (کارەش، 2019، ل154)، بە شێوەیەکی گشـتی دابەشـبوونی دیاردەکان سێ شێوازی سەرەکی لەخۆدەگرێت ئەمە جگە لە چەند شێوازێکی لاوەکی تر کە دەکەونە ناو شێوازە سەرەکییەکانەوە. خشتەی (2).

لەکاتی شـیکارکردنی بەهاکانی پێوەری نزیکترین دراوسـێدا دوو گریمانە هەیە کەوا پشـــت بە بەهاکانی ناو هاوکێشـــەکە دەبەستێت، ئەو گریمانانەش ئەمانەن:

**1- گریمانـەی پرنسیپی دەڵێت:** (دابەشبوونی خاڵەکانی دیاردەکە شێوازەکەی هەڕەمەکییە)، واتە بەرێکەوت دابەشبوون و کارێکی ئاسان نیە شیکردنەوەیان بۆبکرێت.

**2- گریمانـەی شـوێن گرەوە دەڵێت:** (شێوازی دابەشبوونی خاڵەکان شێوازێکی دیاریکراوە و پەیوەستە بە کاریگەریەکانی کۆمەڵێك فاکتەری دیاریکراوەوە). (حمەعلی، 2016، ل123).

**خشتەی (2) پۆلێنکردنی بەهای نزیکترین دراوسێ بەپێی شێوازی دابەشبوونیان**

| بەهای نزیکترین دراوسێ | شێوازی دابەشبوون | بەهای نزیکترین دراوسێ | شێوازی دابەشبوون |
|---|---|---|---|
| 0.09 – 0.00 | کۆبووەوە | 1.19 – 1 | هەڕەمەکی |
| 0.490 – 0.1 | لەیەك نزیکی هێشووی | 2.149 – 1.20 | پەرشوبڵاوی لەیەك دوور |
| 0.99 – 0.50 | لەیەك نزیکی هەڕەمەکی | | |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: (سليم، 2012، ص 99).

پاش بەکارهێنانی بەرنامەی (Arc GIS 10.8) و جێبەجێکردنی ئەم پێوەرە بۆ شـیکارکردنی شـێوازەکانی دابەشـبوونی خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان ئەوەمان بۆ دەرکەوتووە کەوا لە شـــاری هەڵەبجەی تازەدا چەند شـــێوازێکی دابەشـــبوونی جیاواز لەیەك بۆ ئەم خزمەتگوزارییە دروست بوون ئەمەش بە پشت بەستن بە بەهای نزیکترین دراوسێ بەدەستهاتووە.

بەسەرنجدان لە خشتەی (3) و شێوەی (1) ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بەهای پێوانەیی (Z -score) گەیشتووەتە (-2.234014) ئەم بەهایەش دەکەوێتە چوارچێوەی بەهای ڕەخنەییەوە (Critical value) (2.58 - تا 2.58)، لەبەر ئەمەش ئێمە گریمانەی شوێنگرەوە ڕەتدەکەینەوە و گریمانەی پرنسیپی پەسەند دەکەین کە دەڵێت شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزاری پەروەردەیی لە شاری هەڵەبجەی تازە هەڕەمەکییە واتە بە ڕێکەوت دابەشبوون و کارێکی ئاسان نیە شیکردنەوەیان بۆ بکرێت، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر بەهای پێوانەیی (Z -score) کەوتە نێوان (2.58 - تا 2.58) ئەو کات شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزارییەکە ڕێکخراو و دیاریکراوە و لە هەمان کات کاریگەرە بە کۆمەڵێك فاکتەری دیاریکراوەوە، بەڵام ئاستی باوەڕپێکردن (Significante Level) کە بۆ هەڵبژاردنی فاکتەری پشت ڕاست کەرەوەیە دەکاتە (0.01) بە شێوەیەك واتە تەنها (1%) ئەگەری هەڵە هەیە لە پەسەندکردنی گریمانەی پرنسیپی و ڕەتکردنەوەی گریمانەی شوێنگرەوە، واتە شێوازی دابەشبوونەکە بە ڕێکەوت بووە و بە ئاسانی شیکردنەوەی بۆناکرێت نەك لە دەرئەنجامی کۆمەڵێك هۆکاری دیاریکراوەوە بێت.


سەبارەت بە بەهای نزیکترین دراوسێی خزمەتگوزاری پەروەردەیی بۆ سەرجەم قوناغەکان لە شاری هەڵەبجەی تازەدا دەگاتە (0.770983) بە گوێرەی ئەم بەهایە دەتوانین بڵێین شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزاریەکە شێوازی (لەیەك نزیکی هەڕەمەکی)یە.

**خشتەی (3) بەهای نزیکترین دراوسێ بۆ خزمەتگوزاری پەروەردەیی لە شاری هەڵەبجەی تازە بۆ ساڵی(2024)**

| خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان | بەهای نزیکترین دراوسێ | بەهای (Z- score) | بەهای ڕەخنەیی | بەهای (P- value) |
|---|---|---|---|---|
| | 0.770983 | -2.234014 | 2.58 - تا 2.58 | 0.025482 |

سەرچاوە: شێوەی (1).

**شێوەی (1) بەهای نزیکترین دراوسێ بۆ خزمەتگوزاری پەروەردەیی لە شاری هەڵەبجەی تازە بۆ ساڵی(2024)**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: بەکارهێنانی بەرنامەی (Arc Map GIS 10.8) و جێبەجێکردنی هاوکێشەی (Average Nearest Neighbor).

بەشێوەیەکی گشتی هۆکاری ئەو شێوازە دابەشبوونەی خزمەتگوزاریەکە دەگەڕێتەوە بۆ خراپ دابەشبوونی دامەزراوە پەروەردەییەکان و جێبەجێنەکردنی پێوەرەکانی پلاندانان، ئەمە جگە لە جیاوازی دابەشبوونی دانیشتوان بەسەر گەڕەکەکانی شارەکە و نەبوونی بینای سەربەخۆ بۆ هەندێك لە خوێندنگەکان ئەمەش وایکردووە هەندێك لە بیناکان دوو تاوەکو سێ خوێندنگە لەخۆبگرێت، لەبەر ئەم هۆکارە چەند بینایەکی خوێندن لە چەند گەڕەکێکدا کۆبوونەتەوە و بە پێچەوانەشەوە چەندین گەڕەك لەم خزمەتگوزاریە بێ بەشن کە ژمارەیان (4) گەڕەکە، سەرەڕای ئەوەی لە ساڵی (2016)وە هیچ بینایەکی خوێندن لە ناوچەی توێژینەوەدا دروستنەکراوە.

**باسی سێیەم/ شیکردنەوەی پشتێنەی کاریگەر بۆ خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان:**

پشتێنەی کاریگەر یەکێکە لە پێوەرە شوێنییەکان کە لە تەکنەلۆجیای سیستەمی زانیارییە جوگرافیەکان (GIS) پێشکەش دەکرێت، بە مەبەستی دیاریکردنی ڕووبەری پشتێنەکە بۆ هەر خزمەتگوزارییەکی پەروەردەیی واتە ئەو سنوورە دەستنیشان دەکات کە خزمەتگوزاریەکە دەتوانێت خزمەتیان بکات (مصطفی، 2024، ص567)، بۆ ئەم مەبەستە پشت دەبەستین بە پێوەری ئەو دوورییەی کەوا خوێندکار دەیبڕێت لە شوێنی نیشتەجێبوونیانەوە تاوەکو دەگەنە (باخچە و خوێندنگەکان) (محمد، 2010، ص. 114)، واتە لە شوێنگەی خزمەتگوزارییەکەوە بازنەیەك دەکێشرێت ناوەڕاستی ئەم بازنەیە شوێنی خزمەتگوزارییەکەیە، نیوە تیرەی بازنەکە ماوەی ئەو دوورییەیە کە خزمەتگوزارییەکە پێشکەش بە ناوچەکانی دەوروبەری خۆی دەکات بەجۆرێك تەواوی بازنەکە ئەو ڕووبەرەمان پیشان دەدات کە سنووری خزمەتگوزارییەکە دەیگرێتەوە، ئەو پێوەری دورییەی کە بازنەکەی پێ دەکێشرێ گۆڕانکاری بەسەردا دێت بە پێی قۆناغەکانی خوێندن و تەمەن و توانای جەستەی خوێندکارەکە بۆ گەیشتنی بە (باخچەی منداڵان، خوێندنگە)کەی (کەڵیتەیی، 2023، ل. 24).

لە پێناو گەیشتن بە نواندنی پشتێنەی کاریگەر بۆ سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن لە شاری هەڵەبجەی تازەدا پشتمان بەستووە بە (Buffer) لە لیستی (Proximity) لەناو لیستی ئامرازەکانی شیکردنەوە (Analysis tools) لە ناو پرۆگرامی ( Arc GIS)، ئەو دوورییەی کەوا بۆ هەریەك لە خزمەتگوزارییەکان دانراوە جیاوازییان هەیە بەشێوەیەك باخچەی منداڵان (150-300)م، خوێندنگەی بنەڕەتی قۆناغی (1-6) (300- 400)م، هەروەها خوێندنگەی بنەڕەتی قۆناغی (7- 9) (400- 700)م، قۆناغی ئامادەیش (700- 1000)م دانراوە (محمد، 2022، ل. 39)، بەڵام بۆ پێوەری دووری هەردوو قۆناغی (1- 9) و خوێندنی خێرا لەبەر ئەوەی ناچنە چوارچێوەی هیچ پێوەرێك، هەر بۆیە ئێمەش بۆ قۆناغی (1- 9) کە زۆربەی خوێندکارەکانی لە ڕووی تەمەنەوە لە قۆناغی (1- 6) نزیکن، لەبەرئەوە دووری (300- 400)م بۆ بەکارهێناوە، هەروەها بۆ قۆناغی خوێندنی خێرا وەك قۆناغی (7- 9) حسابی بۆ دەکەین بە دووری (400- 700)م ، چونکە توانای گەیشتنیان بۆ خوێندنگە لەم قۆناغەوە نزیکە.

لەکاتی جێبەجێکردنی ئەم پێوەرە لەناو پرۆگرامی سیستەمی زانیاریە جوگرافییەکاندا (GIS) لەگەڵ (2) دووریدا کار ناکات، لەبەرئەوە بۆ هەر یەك لە قۆناغەکان ناوەندی دوورییەکانمان وەرگرتووە جگە لە قۆناغی باخچەی منداڵان کە (300)م بۆ داناوە، چونکە بەشێکی زۆر لە منداڵانی باخچە بە ئۆتۆمبیل هاتوچۆ دەکەن، قۆناغەکانی (1- 6) و (1- 9) (350)م وەك ناوەندی دووری بۆ وەرگرتووە، هەروەها قۆناغەکانی (7- 9) و خوێندنی خێرا

(550)م وەك ناوەندی دووری بۆ داناوە، قۆناغی ئامادەیش (850)م، لەم باسەدا هەوڵدەدەین ئەوە بزانین لە شارەکەدا خزمەتگوزاریە پەروەردەییەکە بە پێی ئەم پێوەرە تا چەند لە گەڕەکێکدا دەڕوات و ئەو گەڕەکانە کامانەن کە پشتێنەی ئەم خزمەتگوزارییە دەیانگرێتەوە دیاری بکرێت وە ڕادەی کاریگەری لەسەر گەڕەکەکان چەندە، لەبەرئەوە بە تێبینی کردن لە خشتەی (4) و نەخشەکانی (2- 7) پشتێنەی کاریگەر بۆ سەرجەم خزمەتگوزارییە پەروەردەیەکان لە شارەکەدا بەم شێوەیە ڕوون دەکەینەوە:

**یەکەم: پشتێنەی کاریگەر بۆ باخچەی منداڵان:**

بە تێڕوانین لە خشتەی (4) و نەخشەی (2) پشتێنەی کاریگەر بۆ ئەم قۆناغە بەم شێوەیە ڕوون دەکەینەوە:

1- ڕووبەری پشتێنەی کاریگەر بۆ قۆناغی باخچەی منداڵان (82.7) هێکتارە کە (14.42%) ڕووبەری شار دەگرێتەوە و (85.58%) ڕووبەری شارەکە بێبەشە لە خزمەتگوزارییەکە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ژمارەی خزمەتگوزارییەکە لە شارەکەدا، بەشێوەیەك منداڵانی ئەو گەڕەکانەی کە بێبەشن لەم خزمەتگوزارییە ماندووبوون و کاتێکی زۆریان دەوێت تاوەکو دەگەنە شوێنی خوێندنیان، لەو ڕووبەرەی پێشتر باسمان لێوە کرد (2.12%) هێکتار لە ڕووبەری پشتێنەکە دەکەوێتە دەرەوەی سنووری شارەوانی شارەکە، هەروەها کۆی گشتی ڕووبەری پشتێنەی کاریگەری ئەم قۆناغە دەگاتە (84.82) هێکتار.

2- هەریەك لە گەڕەکەکانی (هەواران، ڕۆژئاوا، هەواری شار، لانە سیتی، ڕۆژهەڵات) بە تەواوی لەم خزمەتگوزارییە بێ بەشن، ئەم گەڕەکانەش بەشێکی زۆریان لە گەڕەکە تازەکانن، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تاڕادەیەکی زۆر باخچەکانی منداڵان دەکەونە ناوەڕاستی شارەکە ئەمەش وایکردووە لە (42%)ی گەڕەکەکانی شارەکە لەم خزمەتگوزارییە بێ بەشبن.


3- ئەو گەڕەکانەی کە پشتێنەی کاریگەری ئەم قۆناغە دەیانگرێتەوە ژمارەیان (7) گەڕەکە کە بریتین لە (شارستانی، مامۆستایان، بەختیاری، ڕزگاری، سورێن، ئازادی، شارەوانی)، کە ئەم گەڕەکانە سەرجەمیان لە گەڕەکە کۆنەکانن کە لە سەرەتایی دروستبوونی شارەکەوە دروستکراون، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ گەڕەکێك لە شارەکەدا دوو پشتێنەی خزمەتگوزارییەکە لەخۆناگرێت.

**خشتەی (4) بەهای پشتێنەی کاریگەر بۆ خزمەتگوزاری پەروەردەیی لە شاری هەڵەبجەی تازە بۆ ساڵی (2024)**

| خزمەتگوزاری پەروەردەیی | ڕووبەری پشتێنەی کاریگەر لە ناو سنووری شارەوانی / هێکتار | %ڕووبەری شاردەگرێتەوە | % بێ بەش لە خزمەتگوزاریەکە | ڕووبەری پشتێنەی کاریگەر لە دەرەوەی سنووری شارەوانی/ هێکتار | ڕووبەری پشتێنەی کاریکەر لە ناوەوە و دەرەوەی سنووری شارەوانی/ هێکتار |
|---|---|---|---|---|---|
| باخچەی منداڵان | 82.7 | 14.42 | 85.58 | 2.12 | 84.82 |
| قۆناغی (1-6) | 259.28 | 45.21 | 54.79 | 12.34 | 271.62 |
| قۆناغی (7-9) | 323.02 | 56.33 | 43.67 | 84.42 | 407.44 |
| قۆناغی (1-9) | 38.48 | 6.71 | 93.29 | 0 | 38.48 |
| ئامادەیی | 427.17 | 74.49 | 18.4 | 40.71 | 467.88 |
| خوێندنی خێرا | 89.32 | 15.58 | 84.42 | 5.71 | 95.03 |

سەرچاوە:کاری توێژەر پشتبەست بە: بەکارهێنانی (Arc Map GIS10.8) و بەدەستهێنانی زانیاریەکانی پشتێنەی کاریگەری بەرنامەکە.

**نەخشەی (2) پشتێنەی کاریگەر بۆ باخچەی منداڵان لە شاری هەڵەبجەی تازە بۆ ساڵی 2024**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

1- نەخشەی (1).

2- سەردانی مەیدانی توێژەر لە ڕێکەوتی (2025/1/5)، بەکارهێنانی بەرنامەی (GPS).

3- بەکارهێنانی پرۆگرامی (Arc Map GIS 10.8 - Analysis Proximity Buffer).

**دووەم: پشتێنەی کاریگەر بۆ خوێندنگە بنەڕەتییەکانی قۆناغی (1- 6):**

به سەرنجدان لە خشتەی (4) پشتێنەی کاریگەری ئەم قۆناغەی خوێندن بەم شێوەیە ڕاڤە دەکەین:

1- سەرجەم ڕووبەری پشتێنەی کاریگەری ئەم قۆناغە (271.62) هێکتارە، کە (259.28) هێکتاری دەکەوێتە ناو سنووری شارەوانی و (2.12) هێکتاریش دەکەوێتە دەرەوەری سنووری شارەوانی ناوچەی توێژینەوە، بەجۆرێك پشتێنەکە لە (45.21%) لە ڕووبەری شارەکەی داپۆشیوە و لە (54.79%)ی ڕووبەری شاری هەڵەبجەی تازەش بێبەشە لەم خزمەتگوزارییە.

2- بە شێوەیەکی گشتی سەرجەم گەڕەکەکان پشتێنەی کاریگەری ئەم قۆناغەیان بەردەکەوێت، بە شێوەیەك پشتێنەکە بەشێکی زۆر لە ڕووبەری گەڕەکەکانی (بەختیاری، ڕزگاری، شارستانی، مامۆستایان، سورێن، شارەوانی) داپۆشیوە، پشتێنەی کاریگەری خوێندنگەی هەتاو بەشێکی کەمی دەکەوێتە دەرەوەی سنووری شارەوانی لە بەشی ڕۆژهەڵاتی شارەکە بەڵام هیچ سودێك ناگەیەنێت بە ناوچەکە، چونکە ئەو بەشەی شارەکە ئاوەدان نیە، هەروەها بەشێك لە پشتێنەی کاریگەری خوێندنگەی (سروود)یش دەکەوێتە دەرەوەی سنووری شارەوانی لە بەشی ڕۆژئاوای شارەکە، چونکە خوێندنگەکە چەند مەترێك دوورە لە سنووری ناحییەی زەڕایەنەوە.


3- بەشێکی کەم لە ڕووبەری گەڕەکەکانی (هەواران، ڕۆژئاوا، ئازادی، لانە سیتی، هەواری شار، ڕۆژهەڵات) پشتێنەی ئەم قۆناغە داپۆشیوە، تەنها گەڕەکی (هەواران، ڕۆژهەڵات) یەك پشتێنە دەیگرێتەوە، سەرجەم گەڕەکەکانی تری شارەکە دوو پشتێنە یان زیاتر دەیانگرێتەوە. نەخشەی(3).

**سێیەم: پشتێنەی کاریگەر بۆ خوێندنگە بنەڕەتییەکانی قۆناغی (7- 9):**

1- بە وردبوونەوە لە خشتەی (4) ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کۆی گشتی ڕووبەری پشتێنەی کاریگەری ئەم قۆناغە (407.44) هێکتارە، لەو ڕووبەرەش (323.02) هێکتاری دەکەوێتە ناو سنووری شارەوانی شارەکە و (84.42) هێکتاریش دەکەوێتە دەرەوەی سنووری شارەوانی، بە شێوەیەك لە (56.33%)ی ڕووبەری شارەکە سوودمەند دەبێت لە پشتێنەکە و لە (43.67%)ی ڕووبەری شاری هەڵەبجەی تازەش بێ بەشە لەم خزمەتگوزارییە.

2- سەرجەم گەڕەکەکان پشتێنەی کاریگەری ئەم قۆناغەیان بەرکەوتووە، بەجۆرێك بەشێکی زۆر لە ڕووبەری گەڕەکەکانی (مامۆستایان، سورێن، شارستانی، ڕزگاری، شارەوانی، هەواری شار، بەختیاری، ئازادی) بەم پشتێنەیە داپۆشراون، گەڕەکەکانی (ڕۆژئاوا، هەواران، لانە سیتی، ڕۆژهەڵات) ڕووبەرێکی کەمیان بەم پشتێنەیە داپۆشراوە، پشتێنەی خوێندنگەکانی (شەم، سەرکەوتن، شەهیدانی خێڵی حەمە) خزمەت بە سنووری ناحیەی زەڕایەنیش دەکەن چونکە تەنها چەند مەترێك لە سنووری ناحیەکەوە دوورن، بەشێکی کەم لە پشتێنەی کاریگەری خوێندنگەی سەرکەوتنیش خزمەت بە ناحیەکە دەکات، بەهۆی نەبوونی ئاوەدانی پشتێنەی خوێندنگەکانی (مەشخەڵان، هەورامان) هیچ خزمەتێك بە سنووری دەرەوەی شارەوانی ناکەن. نەخشەی (4).

**نەخشەی (3) پشتێنەی کاریگەر بۆ خوێندنگە بنەڕەتییەکانی قۆناغی (1- 6) لە شاری هەڵەبجەی تازە بۆ ساڵی 2024**





سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

1- نەخشەی (1).

2- سەردانی مەیدانی توێژەر لە ڕێکەوتی (2025/1/5)، بەکارهێنانی بەرنامەی (GPS).

3- بەکارهێنانی پرۆگرامی (Arc Map GIS 10.8 - Analysis Proximity Buffer).

**نەخشەی (4) پشتێنەی کاریگەر بۆ خوێندنگە بنەڕەتییەکانی قۆناغی (7- 9) لە شاری هەڵەبجەی تازە بۆ ساڵی 2024**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

1- نەخشەی (1).

2- سەردانی مەیدانی توێژەر لە ڕێکەوتی (2025/1/5)، بەکارهێنانی بەرنامەی (GPS).

3- بەکارهێنانی پرۆگرامی (Arc Map GIS 10.8 - Analysis Proximity Buffer).

**چوارەم: پشتێنەی کاریگەر بۆ خوێندنگە بنەڕەتییەکانی قۆناغی (1- 9):**

بەسەرنجدان لە خشتەی (4) پشتێنەی کاریگەری ئەم قۆناغەی خزمەتگوزارییەکە بەم شێوەیە ڕاڤە دەکەین:

1- کۆی گشتی ڕووبەری پشتێنەی کاریگەری ئەم قۆناغە تەنها (38.48) هێکتار دەبێت کە سەرجەمی ئەو ڕووبەرە دەکەوێتە ناو سنووری شارەوانی شارەکە، بەجۆرێك تەنها لە (6.71%) لە ڕووبەری شارەکە پشتێنەی خزمەتگوزارییەکە دەیگرێتەوە و لە (93.29%) ڕووبەری شارەکەش بێ بەشە لە خزمەتگوزاریەکە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ژمارەی خوێندنگەکانی ئەم قۆناغە کە تەنها (1) خوێندنگە بوونی هەیە لە شارەکەدا.

2- پشتێنەکە بەشێکی زۆری گەڕەکی (هەواران)ی داپۆشیوە کە دەکەوێتە باکووری ناوچەی توێژینەوەوە، هەروەها هەریەك لە گەڕەکەکانی (شارستانی، مامۆستایان، ڕۆژئاوا) بەشێکی کەم لە پشتێنەکەیان بەرکەوتووە، لەهەمان کاتدا سەرجەم گەڕەکەکانی تر کە (8) گەڕەکە بێبەشن لە پشتێنەی کاریگەر بۆ ئەم قۆناغەی خوێندن. نەخشەی (5).

**پێنجەم: پشتێنەی کاریگەر بۆ خوێندنگە ئامادەییەکان:**


بە تیبینی کردنمان بۆ خشتەی (4) پشتێنەی کاریگەری ئەم قۆناغەی خوێندن بەم شێوە ڕووندەکەینەوە:

1- ڕووبەری سەرجەم پشتێنەی کاریگەری ئەم قۆناغەی خوێندن دەگاتە (467.88) هێکتار ئەمەش زۆرترین ڕووبەرە لە ناو هەموو قۆناغەکاندا، بە جۆرێك کە (427.17) هێکتاری دەکەوێتە ناو سنووری شارەوانی شارەکە و تەنها (5.71) هێکتاریش دەکەوێتە دەرەوەی سنووری شارەوانی ناوچەی توێژینەوەوە، پشتێنەکە لە (74.49%)ی ڕووبەری شارەکەی داپۆشیوە و لە (25.51%) ڕووبەری شارەکەش بێ بەشە لە خزمەتگوزارییەکە.

2- لە کۆی گشتی گەڕەکەکانی ناوچەی توێژینەوە کە (12) گەڕەکە تەنها گەڕەکی (ڕۆژهەڵات) لە پشتێنەی کاریگەری ئەم قۆناغە بێ بەشە، بە جۆرێك هەریەك لە گەڕەکەکانی (بەختیاری، شارستانی، مامۆستایان، ئازادی، شارەوانی، ڕزگاری) بە تەواوی بە پشتێنەکە داپۆشراون، هەروەها پشتێنەکە بەشێکی زۆر لە ڕووبەری گەڕەکەکانی (سورێن، هەواران، ڕۆژئاوا، لانە سیتی، هەواری شار)ی داپۆشیوە.

3- پشتێنەی کاریگەری هەریەك لە خوێندنگەکانی (شەهید زانا، مەولەوی) بەشێکی کەمیان دەکەوێتە دەرەوەی سنووری شارەوانی شارەکە لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوچەی توێژینەوە لەبەرئەوەی ناوچەیەکی ئاوەدان نیە سوودێکی ئەوتۆ ناگەیەنێت بە دەرەوەی سنووری شارەوانی، بەڵام پشتێنەی کاریگەری خوێندنگەی (شەهید سیروان) خزمەت بە دەرەوەی سنووری شارەوانی هەڵەبجەی تازەش دەکات بە تایبەت دانیشتوانی ناحیەی زەڕایەن لە بەشی ڕۆژئاوای شارەکەدا، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بچوکی گەڕەکەکان و ئەو دوورییەش کە بۆ ئەم قۆناغە دیاریکراوە کە (850)م دەبێت. نەخشەی (6).

**نەخشەی (5) پشتێنەی کاریگەر بۆ خوێندنگە بنەڕەتییەکانی قۆناغی (1- 9) لە شاری هەڵەبجەی تازە بۆ ساڵی 2024**





سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

1- نەخشەی (1).

2- سەردانی مەیدانی توێژەر لە ڕێکەوتی (2025/1/5)، بەکارهێنانی بەرنامەی (GPS).

3- بەکارهێنانی پرۆگرامی (Arc Map GIS 10.8 - Analysis Proximity Buffer).

**نەخشەی (6) پشتێنەی کاریگەر بۆ خوێندنگە ئامادەییەکان لە شاری هەڵەبجەی تازە ساڵی 2024**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

1- نەخشەی (1).

2- سەردانی مەیدانی توێژەر لە ڕێکەوتی (2025/1/5)، بەکارهێنانی بەرنامەی (GPS).

3- بەکارهێنانی پرۆگرامی (Arc Map GIS 10.8 -  Analysis Proximity Buffer).

**شەشەم: پشتێنەی کاریگەر بۆ بنکەی خوێندنی خێرا:**

بە تێڕوانین لە خشتەی (4) پشتێنەی کاریگەری ئەم قۆناغەی خوێندن بەم شێوە ڕووندەکەینەوە:


1- کۆی گشتی ڕووبەری پشتێنەی کاریگەری ئەم قۆناغە دەگاتە (95.03) هێکتار کە (89.32) هێکتاری دەکەوێتە ناو سنووری شارەوانی شارەکە و تەنها (5.71) هێکتار لە ڕووبەری پشتێنەکە دەکەوێتە دەرەوەی سنووری شارەوانی هەڵەبجەی تازە، لە هەمان کاتدا پشتێنەکە خزمەت بە (15.58%) لە ڕووبەری شارەکە دەکات و لە (84.42%)ی ڕووبەری شارەکەش بێبەشە لەم خزمەتگوزارییە، ئەمەش بۆ کەمی ژمارەی خوێندنگەکانی ئەم قۆناغەی خوێندن دەگەڕێتەوە.

2- پشتێنەی کاریگەری ئەم قۆناغە کەوتۆتە ڕۆژئاوای شارەکە بەجۆرێك بەشێکی زۆر لە ڕووبەری گەڕەکی (ئازادی) داپۆشیوە لەگەڵ ئەوەشدا بە نزیکەیی نیوەی ڕووبەری هەریەك لە گەڕەکەکانی (بەختیاری، ڕزگاری) سوودمەندن لەم پشتێنەیە، هەروەها گەڕەکەکانی (شارەوانی، هەواری شار) بەشێکی کەم لەم پشتێنەیە داپۆشیوە.

3- ئەو گەڕەکانەی کە دەکەونە باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵاتی ناوچەی توێژینەوە بە تەواوی لە پشتێنەی کاریگەری ئەم قۆناغە بێبەشن ئەوانیش بریتین لە هەریەك لە گەڕەکەکانی (ڕۆژئاوا، هەواران، شارستانی، مامۆستایان، سورێن، لانە سیتی، ڕۆژهەڵات). نەخشەی (7).

بە شێوەیەکی گشتی لە کۆتایی ئەم باسەدا دەتوانین بڵێین بە گوێرەی نەخشەکانی پشتێنەی کاریگەری هەریەك لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن لە شارەکەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان بە شێوەیەکی نارێك و نا یەکسان دابەشبوون، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نا هاوسەنگی لە دابەشبوونی شوێنی خزمەتگوزاریەکە و پشتگوێخستنی پێوەرەکانی پلاندانان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دوورییەی کە بۆ خزمەتگوزارییەکە دیاریکراوە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر جیاوازە، لەبەرئەوە دەبینین هەندێك گەڕەك زیاد لە چەند پشتێنەیەکی کاریگەری بەردەکەوێت ئەمەش زیاتر گەڕەکە کۆنەکان دەگرێتەوە لە بەشی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای شارەکە کە وادەکات ئەو گەڕەکانە زیاتر لە خوێندنگە و قۆناغێك سوود وەربگرن، بە پێچەوانەشەوە هەندێك گەڕەکی دیکە لە پشتێنەکە بێبەشن ئەمەش زیاتر گەڕەکە تازەکان دەگرێتەوە بە تایبەتی لە بەشی باکوور و باشووری ناوچەی توێژینەوە، لەبەرئەوە پێویستە لایەنی پەیوەندیدار هەوڵ بدات ئەو گەڕەکانەی کە بێبەشن لە خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان لە داهاتوودا خزمەتگوزارییەکەیان بۆ دابینبکات بۆ ئەوەی سەرجەم گەڕەکەکانی شارەکە سوودمەند بن لە خزمەتگوزارییەکە.

**نەخشەی (7) پشتێنەی کاریگەر بۆ بنکەی خوێندنی خێرا لە شاری هەڵەبجەی تازە ساڵی 2024**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

1- نەخشەی (1).

2- سەردانی مەیدانی توێژەر لە ڕێکەوتی (2025/1/5)، بەکارهێنانی بەرنامەی (GPS).

3- بەکارهێنانی پرۆگرامی (Arc Map GIS 10.8 - Analysis Proximity Buffer).

**دەرئەنجامەکان:**

لە کۆتای توێژینەوەکەماندا گەشتین بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

1- پاش جێبەجێکردنی هاوکێشەی نزیکترین دراوسێ بەسەر خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکانی ناوچەی توێژینەوە ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزارییەکە شێوازێکی (لەیەك نزیکی هەرەمەکی) وەرگرتووە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خراپ دابەشبوونی خزمەتگوزارییەکە و جێبەجێنەکردنی پێوەرەکانی پلاندانان ئەم جگە لە نەبوونی بینای سەربەخۆ بۆ هەندێك لە خوێندنگەکان.

2- سەبارەت بە پشتێنەی کاریگەر لە شاری هەڵەبجەی تازەدا بەو دەرئەنجامە گەشتین کە قۆناغی ئامادەیی بە پلەی یەکەم دێت لە بڵاوبوونەوەی پشتێنەکە کە سێ لەسەر چواری ڕووبەری شارەکەی داپۆشیوە کە دەکاتە (74.49%) لە ڕووبەری شارەکە، واتە تەنها (18.4%) ڕووبەری شارەکە لە خزمەتگوزارییەکە بێبەشن، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بچووکی گەڕەکەکان وە ئەو دوورییەی کە بۆ ئەم قۆناغە دیاریکراوە کە (850) مەترە.

3- قۆناغی (7-9) و (1-6) بە پلەی دووەم و سێیەم دێن لە دوای یەکدا (56.33%) و (45.21%) ڕووبەری شارەکەیان داپۆشیوە، واتە بە دوای یەکدا (43.67%) و (54.79%) ڕووبەری شارەکە لە پشتێنەکە بێبەشن.

4- هەریەك لە پشتێنەی کاریگەری قۆناغەکانی خوێندنی خێرا و باخچەی منداڵان و قۆناغی (1-9) کەمترین ڕووبەری شارەکەیان داپۆشیوە بە دوای یەکدا بە ڕێژەی (15.58%) و (14.42%) و (6.71%) لە کۆی ڕووبەری شارەکە، واتە ڕێژەی (84.42%) و (85.58%) و (93.29%) ڕووبەری شارەکە بێبەشن لە خزمەتگوزارییەکە.

5- بەشێوەیەکی گشتی ڕووبەری پشتێنەی کاریگەر بۆ سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن لە ناو سنووری شارەوانی کە خزمەت بە ناوچەی توێژینەوە دەکات دەگاتە نزیکەی (1220) هێکتار.

**ڕاسپاردەکان:**

1- دروستکردنی دامەزراوە پەروەردەییەکانی وەك (باخچە وخوێندنگە) بۆ ئەو گەڕەکانەی کە هیچ خزمەتگوزاریەکی پەروەردەییان نیە بە تایبەتی گەڕەکە تازەکان کە بریتین لە ( هەواری شار، لانە سیتی، ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا) کە منداڵ و خوێندکارانی ئەم گەڕەکانە ناچارن ماوەیەکی زۆر ببڕن تا دەگەنە شوێنی خوێندنیان، بۆ نموونە لە کۆی (12) گەڕەك تەنها (3) گەڕەك باخچەی منداڵانی تێدایە.

2- پێویستە پلاندانەران و بەرپرسانی شارەکە گەشەی دانیشتوان و ئاراستەی فراوانبوونی شارەکە و پێوەرەکانی پلاندانان لەبەرچاو بگرن بۆ ئەوەی بتوانرێت شوێنی گونجاو بۆ ئەم خزمەتگوزارییە دیاری بکرێت.

3- بەکارهێنانی تەکنیك و پرۆگرامە نوێیەکانی وەك سیستەمی زانیاریە جوگرافییەکان (GIS) لە پرۆسەی دیاریکردن و دروستکردنی هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی، لەبەر ئەوەی لەم ڕێگەیەوە دەتوانرێت بە شێوەیەکی هاوسەنگ خزمەتگوزارییەکە فەراهەمبکرێت و زۆرترین ژمارەی دانیشتوانیش لێوەی سوودمەندبن.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**یەکەم: سەرچاوەی کوردی:**

- **ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا:**

1 - گۆران، باسم قاسم سلێمان، 2022، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان لە شاری بەردەڕەش بە بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان (GIS)، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب، بەشی جوگرافیا.

2- حمەعلی، هەردی عبدالرحمن، 2016، دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجە، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی جوگرافیا.

3- عبداللە، هەورامان کەمال میرزا، 2013، فراوانبوونی ڕووبەری شاری هەڵەبجە و کاریگەرییە ژینگەییەکانی، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئەدەبیات، بەشی جوگرافیا.

4- کەڵێتەیی، مصطفی یوسف محمد، 2023، شیکاری شوێنی و فرمانی بۆ خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکان لە شاری سۆران، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سۆران، فاکەڵتی ئاداب، بەشی جوگرافیا.

5- محمد، نامدار محمد علی حاجی، 2022، دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری کەلار، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی گەرمیان، کۆلیجی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی جوگرافیا.

- **کتێب:**

- کاژەش، هۆشمەند جوهر عباس، 2019، شیکردنەوەی توانستی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە قەزای شەقڵاوە، چاپی یەکەم، اربیل، بەبێ ناوی چاپخانە.

- **دامودەزگا حکومییەکان:**

1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانی سلێمانی، سەرۆکایەتی شارەوانی شارەزوور، بەشی نەخشە.

2- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی شارەزوور، بەشی تەکنیکی، داتای بڵاونەکراوە، 2024.

- **سەردانی مەیدانی:**

- سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ دیاریکردنی شوێنجێی سەرجەم خزمەتگوزارییەکان بە بەرنامەی (GPS)لە ڕێکەوتی 2025/1/5.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبیەکان:**

- **الرسائل و الاطاريح:**

1- شعت، إيهاب غانم، 2018، التحليل المكاني للخدمات التعليمية فى محافظة خان يونس باستخدام نظم المعلومات الجغرافية (GIS)، رسالة الماجستير (غير المنشورة)، جامعة الإسلامية بغزة، كلية الآداب.

2- سليم. هيوا صادق، 2012، التحليل الجغرافي لكفاءة التوزيع المكاني للغدمات التعليمية في مدينة اربيل، أطروحة الكتوراه (غير المنشورة)، جامعة صلاح الدين، كليه آداب، قسم الجغرافيا.

3- الكاظمي، منى عبدالغنى مجيد، 2023، مؤشرات التنمية الحضرية لخدمات البنى التحتية فى مدينه الكوت، أطروحة دكتوراه (غير منشورة)، جامعة واسط، كلية التربية للعلوم الانسانية، قسم الجغرافية.

4- محمد، فريال واصـف محمد الحاج، 2010، تقيم و تخطيط الخدمات التعليمية في مدينة طوباس بالاسـتعانة بنظم المعلومات الجغرافية، رسالة الماجستير (غير المنشورة)، جامعة النجاح الوطنية، كلية الدراسات العليا.

- **الكتب:**

- حمدان، جمال، بدون سنة الطبع، جغرافيه المدن، الطبعة الثانية منقحة، القاهرة: عالم الكتب الاسكندرية.

- المجلات:

- مصـطفى، فاطمة قادر، 2024، التوزيع الجغرافي للخدمات الدينية في قلعةدزة (دراسـة في جغرافية الخدمات)، مجلة ديالي للبحوث الإنسانية، العدد 99، المجلد 2.

- **سەرچاوەی ئینگلیزی:**

- Moghayer, Abdelhamid, et al, 2018, Spatial Analysis of Puplic Services (schools) in Nablus City Using the Tool of Geographic Information System (GIS), The Academic Research Community Publication, Ierek Press, Issue 2.

**پاشکۆی (1) هاوکێشەی نزیکترین دراوسێ**

**R = (2*D) N/A**

R = بەهای نزیکترین دراوسێ.

D = تێکرای دووری نێوان خاڵەکان (ڕەگەزەکان)ی دیاردەکە.

N = ژمارەی خاڵەکان (ڕەگەزەکان)ی دیاردەکە.

A = ڕووبەری ناوچەی توێژینەوە.

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: (Moghayer, Abdelhamid, et al, 2018, P3).

**استخدام معادلة النطاق التاثير والجار الأقرب لتحليل توزيع الخدمات التعليمية في مدينة حلبجة الجديدة**

**الملخص:**

تعد الخدمات التعليمية من أهم خدمات المدن ومن الاحتياجات الرئيسية لسكان المدن والمناطق المحيطة بها والتي لها تأثير كبير على حياة المجتمع، كما أنها أداة فعالة تؤدي إلى تطوير المجتمع اجتماعياً واقتصادياً وحضارياً وثقافياً. تهدف الدراسة إلى محاولة إيجاد التوازن في توزيع الخدمات التعليمية في منطقة الدراسة، ولتحقيق هذة الغاية استخدمنا المنهج الوصفي والتحليلي من خلال عدة أدوات إحصائية وعلمية ضمن نظام المعلومات الجغرافية (GIS) مثل (معادلة الأقرب جار، نطاق التاثير)، بطريقة ما بعد تطبيق معادلة أقرب جار وجدنا أن الخدمات كانت موزعة بشكل عشوائي، ومن خلال نطاق التأثير للخدمة، تعلمنا أيضًا أن هناك فرقًا كبيرًا في توزيع المراحل المختلفة للخدمة والتي يتم توزيعها بشكل غير متساوي، وفي نهاية الدراسة أوصينا ببناء مؤسسات تعليمية للأحياء المحرومة من الخدمة مع مراعاة معايير التخطيط والنمو السكاني عند بناء الخدمات التعليمية باستخدام تقنيات جديدة.

**الكلمات المفتاحية:** الخدمات التعليمية، التوزيع، معادلة الأقرب جار، نطاق التاثير.

**Using the Effect Zone and the nearest neighbor equation to analyze the distribution of educational services in the new city of Halabja**

**Abstract:**

Educational services are among the most important urban services and a major need for residents of cities and surrounding areas. They have a significant impact on community life and are an effective tool for social, economic, cultural, and civilizational development. The study aims to find a balance in the distribution of educational services in the study area, To achieve this goal, we used the descriptive and analytical approach through several statistical and scientific tools within the Geographic Information System (GIS), such as (the nearest neighbor equation, the effect zone), In a way after applying the nearest neighbor equation, we found that the services were distributed randomly, and through the effect zone of the service, Through the scope of the service's impact, we also learned that there is a significant difference in the distribution of the different stages of the service, which are distributed unevenly, At the end of the study, we recommended building educational institutions for neighborhoods deprived of service, taking into account planning and population growth standards when building educational services using new technologies.

**Key words:**, Educational Services, Distribution, Nearest neighbor equation, Effect zone